الأمم المتحـدة – العـراق
United Nations Iraq

# هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

## پەڕەی ڕاستی #١
## پێشینەی گشتی

**کەی لە کوێ هەڵبژاردنەکان ئەنجام دەدرێن؟**
لە ١٠ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١ لە سەرانسەری عێراق ئەنجام دەدرێت.

**ئایا چوارچێوەی یاسایی چیە؟**
هەڵبژاردنەکان لە ڕێگەی یاسای هەڵبژاردنەکانی ژمارە ٩ی ٢٠٢٠ ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە بەڕێوە دەبرێت. بەگوێرەی ئەم یاسایە، ئەنجومەنی نوێنەران لە ٣٢٩ کورسی پێک دێت، کە ٣٢٠ کورسی بە سەر پارێزگاکان و ٨٣ بازنەی هەڵبژاردن دابەش بووە بەگوێرەی سیستەمی نوێی هەڵبژاردن. نۆ کورسیەکەی تر بۆ ئەم پێکهاتانەی خوارەوەیە:

- مەسیحی: ٥ کورسی لە بەغدا، دهوك، هەولێر، کەرکوک، نەینەوا
- یەزیدی: ١ کورسی لە نەینەوا.
- سائیبەی مندانی: ١ کورسی لە بەغداد
- شەبەک: ١ کورسی لە نەینەوا.
- کوردی فەیلی: ١ کورسی لە واسیت

**ئایا ئافرەتان چۆن لە ئەنجومەنی نوێنەران نوێنەرایەتی دەکرێن؟**
**بەگوێرەی دەستوور ٢٥٪ کورسیەکانی ئەنجومەنی نوێنەران بۆ ئافرەتانان تەرخانکراوە. لە هەر بازنەیەک لە ٨٣ بازنەکەی هەڵبژاردن، ١ کورسی لە ناو هەر بازنەیەکی هەڵبژاردن بۆ کاندیدانی مێینە تەرخانکراوە. ئەمانە کەمترین ڕێژەن.** دەکرێت کاندیدی زیاتری ئافرەت هەڵبژێدرێت.

**ئایا چەند بازنەی هەڵبژاردن لە سەرانسەری وڵات هەیە؟**
لە کاتی ئێستادا بازنەکانی هەڵبژاردن لە عێراق دیاری کراون کە لە ٨٣ بازنەن.

**ئایا سیستەمی هەڵبژاردن لە عێراق چیە؟**
سیستەمی هەڵبژاردن لە عێراق بریتیە لە یەک دەنگی نەگوێزراوە (SNTV)، بریتیە لە سیستەمێکی هەڵبژاردنی کۆ لە سەر بنەمای بازنەی هەڵبژاردنی فرە کورس. هەموو دەنگدەرێک یەک دەنگ بە یەک کاندید دەدات. بەڵام زیاتر لە یەک کورسی لە هەر بازنەیەکی هەڵبژاردن هەیە. ئەو کاندیدەی زۆرترین دەنگ دەهێنێت ئەوە کورسی بەردەستی ئەو بازنەیەی هەڵبژاردن دەباتەوە.
**کێ مافی دەنگدانی هەیە؟**

**لە لایەن نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاری عێراق (یونامی) ئامادەکراوە). زانیاری زیاتر:**unami-electoral@un.org

دەنگدەری شایستە پێویستە هاوڵاتی عێراق بێت، لە ڕووی یاساییەوە شیاو بێت، تەمەنی ١٨ ساڵ یان زیاتر بێت لەو ساڵەی هەڵبژاردن ئەنجام دەدرێت و پێویستە لە تۆماری دەنگدەران تۆمار کرا بێت. دەنگدان بە بریکار لە هەڵبژاردنەکان ڕێپێدراو نیە.

**پێوەری شایستەبوون بۆ کاندید چیە؟**

کاندید پێویستە:

- دەنگدەرێکی تۆمارکراو بێت؛
- پێویستە بڕوانامەی ئامادەیی یان هاوتاکەی هەبێت؛
- پێویستە دانیشتووی ئەو پارێزگایە بێت کەتیایدا خۆی پاڵاوتوە؛
- پێویستە لیستێکی پشتیوانی ٥٠٠ دەنگدەری تۆمارکراو لە هەمان بازنەی هەڵبژاردن پێشکەش بکات کەخۆی تیایدا کاندید کردووە
- بە لایەنی کەم تەمەنی لە ٢٨ ساڵ بێت ؛
- نابێت داواکراوی یاسای لێپرسینەوە و دادپەوەروەری بێت؛
- نابێت بە تاوانێکی پەیوەست بە شەرەف تاوانبار کرابێت؛
- نابێت ئەندامی هێزە چەکدارەکان یان هێزە ئەمنیەکان بێت لە کاتی خۆپاڵاوتن؛
- نابێت ئەندامی پێشووتر یان ئێستای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بێت لەو کاتەی خۆی کاندید دەکات.

**ئایا پرۆسەی خۆپاڵاوتن، پشتڕاستکردنەوە و سەلماندنی کاندید چیە؟**

کاندیدە سەربەخۆکان و ئەو کاندیدانەی لە لایەن پارتە سیاسیەکان و هاوپەیمانیەتەکان پشتیوانیی دەکرێن دەرفەتی ئەوەیان هەیە نووسراوی خۆپاڵاوتنیان تا ١ی ئایاری ٢٠٢١ پێشکەش بکەن. کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان زیاتر لە ٣,٥٠٠ خۆپاڵاوتنی تا دوا وادەکە وەرگرتووە. کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بەڵگەنامەی ئەم کاندیدانەی بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا، وەزارەتی پەروەردە، وەزارەتی ناوخۆ و لێژنەی لێپرسینەوە و دادپەروەری ناردووە، بۆ پشتڕاستکردنەوەی باکگراوندی کاندیدەکان لە ماوەی ١٥ ڕۆژ لە ڕێکەوتی فایلەکانیان.

**چەند کاندید بەشداری دەکەن؟**

ئەنجومەنی کۆمسیارانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دوایین لیستی کاندیدانی پەسەندکرد کە ٣,٢٤٩ کاندید بوو، کە ٩٥١ کاندیدی ئافرەت لە خۆ دەگرێت (ڕێژەی ٢٩٪ی کۆی گشتی کاندیدان).

**کاندیدەکان چۆن لە سەر پەڕەی دەنگدان دەردەکەون؟**

تیروپشکی کاندیدان - بۆ دیاریکردنی ڕیزبەندی کاندیدەکان کەتیایدا لە سەر پەڕەی دەنگدان دەردەکەون - کە لە ٧ی تەموزی لە نووسینگەی نیشتیمانی (بۆ کەمەنەتەوەکان) کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و نووسینگەی پارێزگاکان بۆ گشت کاندیدەکان ئەنجام درا.

**کەی هەڵمەتی بانگەشەیی هەڵبژاردن دەست پێدەکات؟**

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ماوەی هەڵمەتی هەڵبژاردنی لە ٨ی تەموز تا ٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١ ڕاگەیاندووە. چالاکیەکانی هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردن پێویستە ٢٤ کاتژمێر پێش کردنەوەی وێستگەکانی دەنگدان کۆتاییان پێ بێت. کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بەرپرسیارە لە چاودێری کردنی کاندیدەکان، پارتە سیاسیەکان و هاوپەیمانیەتەکان بۆ پابەندبوونیان بە هەڵمەتی بانگەشەیی هەڵبژاردنی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان.

**چەند پەڕەی دەنگدانی جیاواز لە ڕۆژی هەڵبژاردن بەکاردێت؟**

٨٤ جۆری جیاوازی پەڕەی دەنگدان هەن. ئەمە یەک پەڕەی دەنگدان بۆ هەر یەک لەە ٨٣ بازنەکە دەگرێتەوە، کە گشت کاندیدەکانی تێدایە کە لەو بازنەی پێشبڕکێ دەکەن، لەگەڵ پەڕەیەکی دەنگدان بۆ دەنگدانی تایبەت کە لە لایەن هێزە ئەمنیەکان و ئاوارە ناوخۆییەکان بەکاردێت.

**دەنگدانی تایبەت چی لە دەنگدانی گشتی جیاوازە؟**
دەنگدانی تایبەت بریتیە لە دەنگدانی جۆرە تایبەتەکانی دەنگدەران کە لە ماددەی ٣٩ی یاساکە ئاماژەیان پێکراوە. ئەم جۆرانە بریتین لە هێزە سەربازیی و ئەمنیەکان، بەندکراوانی ناو بەندیخانەکان، و ئاوارە ناوخۆییەکان. دەنگدانیان تەنها لە ڕێگەی کارتی بایۆمەتری دەبێت و ٤٨ کاتژمێر پێش ڕۆژی دەنگدانی گشتی دەبێت. دەنگدانی گشتی بریتیە لە دەنگدانی دەنگدەرە ئاساییەکان کە مەرجە یاساییەکانیان تێدایە.

**ئایا ئاوارە ناوخۆییەکان دەتوانن دەنگ بدەن؟**
بەڵێ، ئاوارە ناوخۆییەکان دەتوانن لە ڕۆژی دەنگدانی تایبەت دەنگ بدەن. پێویستە کارتی بایۆمەتریان لا بێت تا بتوانن دەنگ بدەن. لە پێناو دەنگدانی ئاوارە ناوخۆییەکان، کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ٢٩٦ وێستگەی دەنگدان لە ١٧ نووسینگەی هەڵبژاردنی پارێزگاکان دەسنیشانکردووە. ئەم وێستگانەی دەنگدان پەڕەی دەنگدانی ٨٣ بازنەکەیان تێدا دەبێت تاوەکو هەموو ئاوارەیەک بتوانێت دەنگ بە بازنەی هەڵبژاردنی خۆی بدات. ئاوارە ناوخۆییەکان دەتوانن لەو وێستگانە دەنگ بدەن کە لێیانەوە نزیکن بێ ئەوەی پێویست بکات بۆ پارێزگاکانی خۆیان بچن.

**ئایا چەند دەنگدەر بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو تۆمارکراون؟**
بەگوێرەی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان تا ٧ی تەموز، ٢٥,١٨٢,٥٩٤ دەنگدەر تۆمارکراون. لەم ژمارەیە ١٢,٩٤١,٦٧١ پیاون (٥١,٤٪) و ١٢,٢٤٠,٩٢٣ ئافرەتن (٤٨,٦٪).

**تۆمارکردنی دەنگدەران چۆن و کەی ئەنجامدرا؟**
تۆمارکردنی دەنگدەران پرۆسەیەکی بەردەوامە لە عێراق، و لە کۆی ١٧٠٩ ناوەندی تۆمارکردنی دەنگدەران ئەنجام دەدرێت کە لە سەرانسەری عێراقدا دامەزراون. تیمەکانی تۆمارکردنی دەنگدەران هەڵدەستن بە تۆمارکردنی دەنگدەر لە ڕێگەی نووسینی ناو و داتا کەسییەکانی تر لە ناو سیستەمەکە لە ڕێگەی فۆرمی تۆمارکردنی بایۆمەتری. هەروەها داتای بایۆمەتری وەک پەنجەمۆر و وێنەی ئەو کەسەی خۆی تۆمار دەکات وەردەگیرێت، و پسوولەیەکی تۆمارکردنی بۆ دەردەکرێت. پێویستە دەنگدەرەکە بۆ ناوەندەکەی تۆمارکردنی دەنگدەران بگەڕێتەوە بۆ وەرگرتنەوەی کارتەکەی. مەبەستی تۆمارکردنی بایۆمەتری دەنگدەران بۆ دروستکردنی داتابەیسێکی وورد و تازەی تۆمارکردنی دەنگدەرانە.

**ئایا دەنگدەران هێشتا دەتوانن خۆیان بۆ هەڵبژاردنی ١٠ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١ تۆمار بکەن؟**
تۆمارکردن لە عێراق پرۆسەیەکی بەردەوامە. بەڵام دوا وادەیەک بۆ تۆمارکردن هەبوو کە ڕێپێدراوە بۆ تۆمارکەران تا بتوانن لە هەڵبژاردنی داهاتوو دەنگ بدەن. دوا وادەکە ١٥ی نیسانی ٢٠٢١ بوو. لە کاتی ئێستادا، هێشتا هاوڵاتیان ڕێپێدراون خۆیان تۆمار بکەن، بەڵام ناتوانن لە هەڵبژاردنی ١٠ی تشرینی یەکەمی دەنگ بدەن.

**ئایا دەنگدەر لە ڕۆژی دەنگدان پێویستی بە چ بەڵگەنامەیەکە تا بتوانێت دەنگ بدات؟**
دەنگدەر، کە ناو لە تۆماری دەنگداندایە، پێویستە (أ) کارتی دەنگدەر، کە بایۆمەتری کە داتای بایۆمەتری (کارتی بایۆمەتری دەنگدەر)ی تێدایە یان (ب) کارتی بایۆمەتری دەنگدەر لەگەڵ یەکێک لە سێ ناسنامە سەرەکیەکە، جنسیە، کارتی نیشتیمانی، یان بڕوانامەی هاوڵاتی بوونی عێراق.

**ئایا جیاوازی لە نێوان کارتی ئەلیکترۆنی و کارتی بایۆمەتری دەنگدەر چیە؟**
کارتی ئەلیکترۆنی دەنگدەر بریتین لە کارتە کۆنەکان کە کۆمسیۆن دەری کردوون کە داتای دەنگدەر دەگرێتەوە (ناوی تەواوی دەنگدەر، دەنگدەر، ساڵی لە دایک بوون، ژمارەی خێزان، ژمارەی ناوەندی تۆمارکردن، ناو و ژمارەی وێستگەی دەنگدان). چیپێکی تێدایە، کە تەنها داتای بایۆمەتری تێدایە. لە ڕۆژی دەنگدان بۆ ناساندنی دەنگدەر بەکاردێت بەڵام پێویستە ناسنامەیەکی تری لەگەڵدا بێت بەڵام پێویستە ناسنامەیەکیشی لەگەڵدا بێت.

کارتی بایۆمەتری کۆمسیۆن دەری کردووە بۆ هەموو عێراقیەک کە شایستەی بەشداری کردنە لە هەڵبژاردنەکان. داتای دەنگدەر (ناوی تەواوی دەنگدەر، ژمارەی دەنگدەر، ساڵی لەدایکبوون، ژمارەی خێزان، ژمارەی ناوەندی تۆمارکردن، ناو و ژمارەی وێستگەی دەنگدان) دەگرێتەوە لەگەڵ پەنجەمۆری ١٠ پەنجە و وێنەی فۆتۆگرافی کەسی. کارتی بایۆمەتری دەنگدەر چیپێکی تێدایە کە داتای بایۆمەتری دەنگدەر و داتای بایۆگرافیشی تێدایە. لە ڕۆژی دەنگدان بەکاردێت و ڕێگە بە دەنگدەر دەدات دەنگ بدات لەدوای ئەوەی لە لایەن ئامێری سەلماندنی ئەلیکترۆنی دەناسرێتەوە.

**ئایا دامەزراندنی کارمەندانی دەنگدان چۆن ئەنجام دەدرێت؟**

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لێژنەیەکی دامەزراندنی پێکهێناوە کە بەرپرسیارە لە ڕێکخستنی لێژنە لاوەکیەکان لە سەر ئاستی نووسینگەی هەڵبژاردنی پارێزگاکان. لێژنە ناسەرەکیەکان لە حەوت کەس پێکهاتوون بۆ بەڕێوەبردن و چاودێریکردنی دامەزراندنپ کارمەندانی دەنگدان لە هەر یەک لە نووسینگەکانی هەڵبژاردنی پارێزگا. گشت پرۆسەی پێشکەشکردنی ئۆنلاین کە پەرەی پێدراوە لە سەر وێبسایتی فەرمیی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بەردەستە. دوا وادە بۆ پێشکەش کردنی داواکاری ١ی ئابی ٢٠٢١ ە.

بە تەواوکردنی پرۆسەی ئۆنلاین، داواکارەکە فۆرم و پسوولەکە چاپ دەکات، واژۆی دەکات و فۆرمەکە و بەڵگەنامە پێویستەکان پێشکەش دەکات. لێژنەی لاوەکی لە سەر ئاستی پارێزگا پێداچوونەوە بە فۆرمەکان دەکات، بە مۆری لێژنەی لاوەکی مۆری دەکات دوای پشکنینیان و پەسەندی دەکات لە ڕێگەی خوێنەرەوەی QR (فۆرمی داواکاری QRی لە سەرە، کە کۆدێکی تایبەتە بۆ هەر داواکارێک). پەسەندکردن یان دوورخستنەوەی داواکاریەکە لە سەر فۆرمەکە دیاری دەکرێت. ئەگەر دوور بخرێتەوە، هۆکارەکە دیاری دەکرێت و لە سەر سێرڤەرەکە تۆمار دەکرێت.

**لە کاتی دەنگدان چ جۆرە تەکنەلۆجیایەک بەکاردێت؟**

ئەم تەکنەلۆجیایانەی تایبەت بە هەڵبژاردن لە ماوەی دەنگدان بەکاردێن:

- ئامێری سەلماندنی دەنگدەر (VVD) بەکاردێت بۆ دەسنیشانکردنی دەنگدەرەکە پێش ئەوەی ڕێگەیان پێ بدرێت دەنگی خۆیان بدەن. پرۆسەکە سەلماندن لە ڕێگەی پەنجەمۆر (بۆ کارتی بایۆمەتری) و وەرگرتنی پەنجەمۆر بۆ کارتی ئەلیکترۆنی دەگرێتەوە. VVD کۆدی QRی سەر پەڕەی دەنگدانیش وەدەگرێت کە بە دەنگدەرەکە دراوە.
- پیکۆس- سکانەری ناوەندی دەنگدان بۆ دەنگدان بە کاردێت بۆ دەنگدان. بە ئامێری سەلماندنی دەنگدەر VVD بەستراوەتەوە بۆ سەلماندنی پەڕەی دەنگدانی دراو لەی ڕێگەی کۆدی QR. پەڕەکەی دەنگدان دەخوێنێتەوە بە بەکارهێنانی سکانکردن بۆ دیاریکردنی ئەوەی ئایا پەرەکە هێماکراوە، دروستە یان نادروستە و دەنگەکە تۆمار دەکات. ئینجا دەنگ دەدات.
- ئینجا ئامێری پیکۆسەکە بە سیستەمی گواستنەوەی ئەنجامەکان (RTS) دەبەسترێتەوە بۆ گواستنەوەی ئەنجامەکان بە بەکارهێنانی لینکی سەتەلایت.

**پرۆسەی دەنگدان چۆنە؟**

ئەمانەی خوارەوە هەنگاوە سەرەکیەکانن:

- دەنگدەر لە ڕێگەی VVD دەسەلمێنرێت.
- دەنگدەر لە ڕێگەی لیستی کاغەزی دەنگدەر دەسەلمێنرێت.
- دەنگدەرەکە پەڕەیەکی دەنگدانی پێدەدرێت، کە لە ئامێری سەلماندنی دەنگدەر تۆمار دەکرێت.
- ژمارەی زنجیرەیی پەڕەی دەنگدان لەگەڵ ئامێری پیکۆسەکە هاودەم دەکرێت.
- دەنگدەرەکە بە ویستی خۆی پەڕەکەی دەنگدان هێما دەکات
- دەنگدەرەکە پەڕەکەی دەنگدان دەخاتە ناو ئامێری پیکۆسەکە
- ئامێری پیکۆسەکە دەنگدانەکە دەخوێنێتەوە و تۆماری دەکات.
- پەڕەکەی دەنگدان دەچێتە ناو سندوقی دەنگدان.

**چۆن دەنگدان هەژمار دەکرێت؟**

- لە هەموو وێستگەکانی دەنگدان، دەنگەکان بە شێوەی ئەلیکترۆنی دەژمێردرێن لە ڕێگەی ئامێری پیکۆس لەو کاتەی پەڕەکانی دەنگدان دەخرێنە ناو ئامێرەکە.
- یەک وێستگەی دەنگدان دەسنیشان دەکرێت بۆ ژماردنی دەنگەکان بە دەست.
- ئەگەر جیاوازی لە نێوان ژماردنی دەستی و ئەلیکترۆنی بۆ ئەنجامەکان لە ڕێژەی ٥٪ زیاتر بێت، گشت وێستگەکانی ئەو ناوەندەش بە دەست دەژمێردرێن و ژماردنی دەستیی هەژمار دەکرێت.

**چەند ناوەندی دەنگدان و وێستگەی دەنگدان لە ڕۆژی هەڵبژاردن دەکرێنەوە؟**

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە پلانی دایە نزیکی ٨٩٥٤ ناوەندی دەنگدان و نزیکەی ٥٥٠٤١ وێستگەی دەنگدان لە ڕۆژی هەڵبژاردن بۆ دەنگدانی گشتی و ٦٨١ ناوەندی دەنگدان و ٢٨٨٠ وێستگەی دەنگدان بۆ دەنگدانی تایبەت بکاتەوە.

**کەی ناوەندەکانی دەنگدان ئاما دەکرێن؟**

گشت کارمەندانی دەنگدان لەو کاتە لە ناوەندەکانی دەنگدان دەبن بەو شێوەیەی لەگەڵ ڕێکخەری ناوەندی دەنگدان و بەڕێوەبەری وێستگەی دەنگدان ڕێککەوتنی لە سەر کراوە لە ڕۆژی پێش ڕۆژی دەنگدان. ئەوان یارمەتیدەر دەبن لە جێبەجێکردنی پرۆسەی پلاندانان و دیزاینی وێستگەکە. پێویستە دیزاینی وێستگەی دەنگدان ڕێخۆشکەر بێت بۆ جووڵەی دەنگدەران لە کاتی هاتنەژوورەوە بۆ لای بەرپرسی ناساندن، پێدەری پەڕەی دەنگدان، شوێنی دەنگدان و سندوقی دەنگدان.

**چەند کارمەندی دەنگدان لە ڕۆژی دەنگدان کار دەکەن؟**

نزیکەی ٣٠٠,٠٠٠ کارمەند لە ڕۆژی دەنگدان کار دەکەن یان ئامادە دەبن بۆ ستافی یەدەگی دەنگدان. هەر ناوەندێکی دەنگدان لە لایەن ٥ کارمەندەوە بەڕێوە دەبرێت و هەموو وێستگەیەکیش بە یەکسانی لە لایەن ٥ کارمەندەوە بەڕێوە دەبرێت. هەموو ناوەندێکی دەنگدان لە لایەن ڕێکخەرێکی ناوەندی دەنگدان و دوو چاودێری سڕە (پیاو و ئافرەت) و پشکنەر (پیاو و ئافرەت) بەڕێوە دەبرێت. هەموو وێستگەیەکی دەنگدان بەڕێوەبەرێکی وێستگە، ڕێکخەری سڕە، کارمەندی ناساندن، پێدەری پەڕەی دەنگدان و چاودێری سندوقی دەنگدانی هەیە.

**ئایا چالاکیە پلان بۆ دانراوەکانی کڕین چین؟**

پرۆسە هەڵبژاردن کڕینی کەلوپەل و خزمەتگوزاری هەمەجۆر دەگرێتەوە بۆ پشتیوانی کردنی گشت داواکاریەکانی هەڵبژاردن. چالاکیە تایبەت و گرنگەکان بریتین لە کڕینی پەڕەکانی دەنگدان، فۆرمە پەیوەندیدارەکانی ئەنجامی هەڵبژاردن، تەکنەلۆجیای هەڵبژاردن، سۆفتوێر بۆ پشتیوانی کردنی تەکنەلۆجیا، و خزمەتگوزارییەکانی گواستنەوە کەرەستەکان لە وڵاتی دابینکەر بۆ ناوەندەکانی دەنگدان و گەڕاندنەوەی ئەو کەرەستانە بۆ ئاستی پارێزگا لە دوای ڕۆژی دەنگدان دەگرێتەوە، بۆ کۆگاکردنی دروست و پارێزراوی کەرەستەکانی هەڵبژاردن.

**کێ پرۆسەی کڕینی کەلوپەل و خزمەتگوزاریەکانی هەڵبژاردن ئەنجام دەدات؟**

بەشی کڕینی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بەرپرسیارە لە جێبەجێکردنی گشت چالاکیەکانی کڕین بۆ پشتیوانی کردنی پرۆسەی هەڵبژاردن. پرۆسەی کڕین لە سەر بنەمای یاسای کڕینی عێراقە. بۆ کردارێکی هەڵبژاردن.